کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
13-7-2007 0:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ڕێبین هەردی و بازاڕی عوکازی موهاتەرات ... ستیڤان شەمزینانی**

Shamzini79@hotmail. com

نامەوێت منیش بچمە ناو ئەو کێشمەکێشەی لە نێوان کاک ڕێبین هەردی و هادی مەهدی ڕوویدا بە قەدەر ئەوەی دەمەوێت هەڵوەستەیەك بکەم لەسەر ڕاکێشانی برای نووسەر کاك ڕێبین بۆ ناو مەعمەعەیەك کە نابێت ئەوی تێبچێت و چەند ساڵیشە هەروا بینیومانە کە خۆی دەپارێزێت لەو شەرە دەنوکەی لە نێوان هەندێ قەڵەم بەدەستی کورددا ڕوودەدات کە کاروانێکی بەردەوامە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش زیاتر تاو دەسەنێت، ئەم نووسینە نە وتارە و نە وەڵام و وەڵامکاریی بەڵکو زیاتر لە نامەی خوێنەرێك دەچێت بۆ نووسەرێك بەڵام نامەیەکی کراوە و ئاوەڵە کە ڕێگە دەدەم کەسانی تریش ببینن و بیخوێننەوە:



*ئێمە خوازیارین بووین کاك ڕێبین هەردی خۆی نەخاتە شەرێکی لەو بابەتەوە چون ئەم جۆرە شەرانە نەك هەر خزمەت بە کایەی ڕۆشنبیریی ئێمە ناکەن بەڵکو نەنگیی و لاوازیی کایەی ڕوناکبیریی ئێمە دەردەخەن کە خاڵی خاڵییە لە مەعریفەو تژە تژە لە موهاتەرات و گوزارەی بازاڕیی و دوور لە هەر پێودانگێکی ووسین و دوور لە زمانی ئەپستیم، ڕێبین هەردی وەك ئێمە ناسیوومانە قەڵەمێکی ئێجگار جدیی و بە برشتە و لە هەمان کاتدا خاوەنی هەڵوێست و گۆشەنیگای خۆیەتی هەق نەبوو داخڵی ئەم بازاڕی عوکازەی موهاتەرات بێت، لێ کاك ڕێبین کەسێك نییە موهاتەرات بکات بەڵام چوونە ناو جەنگێکەوە کە چارەنووسەکەی بە موهاتەرات دەگات نەك کارێکی باش نییە بەڵکو خواستی موهاتەراتچییەکان دێنێتە دی کە لە مێژەوە دەیانەوێت و خەون دەبینن بەوەی قەڵە جدییەکانیش لە خووە نەگریسەوە بئاڵێنن.

ڕەنگە بەختیار عەلی باشترین نموونە بێت چون ئەوانەی لێی تێنەگەیشتن یان نەیانتوانی وەك ئەو داهێنەر بن ویستیان لەشەرە موهاتەراتییەوە بگلێنن بەڵام باشترین وەڵامی کاك بەختیار بێ وەڵامیی بوو یان باشترین وەڵام ڕۆمانی دواهەمین هەناری دنیا بوو. خۆ ئەگەر کاك بەختیار بە شەڕو موهاتەراتی ئەو وتارخوێنانەوە سەرقاڵ ببوایە ڕەنگە نەیپرژایەتە سەر ئەوەی ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) بنووسێت کە ئەمە خواستی هەموو ئەوانەبوو هەر لەخۆرا خۆیان بە ئەنتی بەختیار عەلی ناوزەد دەکەن.

من داوا دەکەم کاك ڕێبین چیتر خۆی سەرقاڵی ئەم جەنگە نەکات چونکە ئێمە چاوەڕوانی کاری ئەکادیمی ترو زیاتری لێدەکەین، ئێمە دەمانەوێت بەو نەفەسەی جاران و بە نەفەسی ڕاستەقینەی خۆی بنووسێت تا هەموو بە تاسەوە لە ڕەهەند یان گۆڤاری سەردەم عەوداڵی نووسینەکانی بین.

- کاتێك هادی مەهدی دراماکەی ڕاگیرا من یەکێك لەو کەسانە بووم داکۆکیمان لێکرد بەڵام ئێمە داکۆکیمان لە هادی نەکرد وەك تاکە کەس هەرواش داکۆکیمان لە ئاستی هونەریی دراماکەی نەکرد ئەوەی ئێمەی گرد کردەوە دیفاعکردن بوو لە ئازادیی و ئازادیی بیرو ڕا و گوزارشت، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە دیسان لەم ڕووەوە داکۆکیی لە هادی دەکەین بەڵکو ئێمە خوازیارین لە هەردوولا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کۆتایی بهێنن بە وەڵام و وەڵامکاریی چونکە ئەم کردارە هیچ خزمەتێکی فەرهەنگ و رۆشنبیریی کوردیی ناکات.

- بەداخەوە ئینتەرنێت بووە بە رووبەرێك بۆ جەنگ و ململانێ و سایتە کوردییەکانیش لە سەر حسابی رۆشنبیرری کوردیی و جەستەی شکێنراوی ئەم رۆشنبیرییە فوویان کردووە بە کەرەنای شەرێکی تاریك تاریکتر لە بیری ئەوانەی بەو جەنگە هەڵدەستن، هەر لەم روانگەیەوە داوا لە برای نووسەر کاك رێبین دەکەم خۆی لەم جەنگە بپارێزێت چونکە موهاتەراتچییە نوستووەکان لەگەڵ بە خەبەر هاتنەوەیان وەك زەلوو لەسەر خوێنی ئەم رووداوە دەژین، هەر لێرەشەوە داوا لە ستافی ماڵپەرەکان دەکەم کە ئەم جەنگە رابگرن ئاخر بێمانایی و بۆگەنیوی ئەم جەنگە هەراسانی کردین، ئەو مەیدانە مەیدانی رێبین هەردی نییە چون شوێنی وی لە بزافی رۆشنبیریی کوردیدا زۆر لەوە بەرزترە بە ئەم ئاستە بچووك بکرێتەوە.

باقی والسلام.

تێبینی: وێنەکە وینەی (رێبین هەردی و ستیڤان شەمزینانی) یە – ساڵی 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.